# دەروێش مەحموود کەڵەچێری؛ ناودارێکی کوردی نەناسراوی سەدەی شازدەیەم

د. جەبار قادر
(هۆڵاند)

لە سەدەی شازدەیەم بە دەگمەن کورد لە دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا دەبینران، چونکە تازە ناوچەکانیان کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەوە. لە دەسپێکی ئەو سەدەیە بە دروستی دەوروبەری شەڕی چاڵدێران (١٥١٤) کوردانی باکووری کوردستان و دواتریش ئەوانەی باشوور لەگەڵ عوسمانییان تێکەڵییان پەیدا کرد. ئەمە تەنیا دیوێکی نەبوونی کوردمان لە بنیادی ئەو دەوڵەتەدا بۆ ڕوون دەکاتەوە، دیوەکەی تری ئەوە بوو کە دەستەبژێری ئەو سەردەمەی کوردستان لە هونەر و کەرەستەکانی بەڕێوەبەردنی دەوڵەتێکی زەبەللاحی لەو چەشنە بێ بەش بوون. کاتێ ئاماژە بە ناودارانی کوردی ئەو سەردەمە مێژووییە دەکرێت، زیاتر ناوی ئیدریسی بدلیسی لە ناواندایە(١).

لە بارەی کەسایەتی و ڕۆڵی ئیدریسی بدلیسی لە ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی سەرەتای سەدەی شازدەیەمی کوردستان زۆر وتراوە و نووسراوە. هەڵسەنگاندنەکانیش لە بارەی ئەم کەسایەتییە و ڕۆڵییەوە تەواو ناکۆک و دژبەرن. هەر کەسەو لە سۆنگەی دید و بۆچوونەکانی خۆیەوە نرخاندنی بۆ کردووە. بەلای هەندێکەوە یەکخەری کوردستانە و بەلای کەسانێکی دیکەوە دابەشکەری کوردستانە. بۆ هەندێک حەکیم، حەکیمەددین، کەمالەددین و مەولانا ئیدریسی بدلیسییە، بۆ هەندێکی دیکەش ئیبلیسی بدلیسییە. بۆ نووسەرێک ئەو باوکی عەقڵیی سوڵتان سەلیم یاوز بووە، هەر لەم سۆنگەشەوە گوناهی کوشتاری عەلەوییەکان لەسەر دەستی ئەو سوڵتانە لە دەسپێکی سەدەی شازدەیەمدا دەخاتە ئەستۆی بدلیسی و بە جەللادی عەلەوییان ناوی دەبات، تەنانەت ئیدریس



**ئیدریسی بدلیسی**

بدلیسی بۆ ئەوە پێناسە و ناوێکی دیکەیە بۆ ستەم و زۆرداری و هەر بەو شێوەیە بە خوێنەرانی دەناسێنێ(٢).

لە تەک ئیدریسی بدلیسیدا هەندێ کەسایەتی دیکەش لەو سەردەمە مێژووییەدا ژیاون و ڕۆڵی بەرچاویان لە ژیانی سیاسی و کارگێڕی دەوڵەتی عوسمانیدا بینیوە، ئەمانە تا ئێستا لە تاریکی مێژوو و سێبەری ڕووداوەکاندا ماونەتەوە و تیشکی کەم خراوەتە سەر کار و چالاکییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانیان. یەکێ لەم کەسایەتییانە دەروێش مەحموودە، کە لە دەرباری سوڵتان سولەیمانی قانوونیدا کەسایەتییەکی دیار و خاوەن پێگەیەکی زۆر تایبەتی بووە. سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکانمان لەسەر دەروێش مەحموود کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسییە. نووسەری شەرەفنامە زانیارییەکانی لەسەر دەروێش مەحموود بەسەر یەکەوە نین. وەک ناودارانی دیکەی کورد جێگەی تایبەتی بۆ تەرخان نەکردووە. لە میانی ڕووداوگەلی دیکە و لابەلا هەندێ هەواڵ و زانیاری لە بارەوە خستووەتە ڕوو. خوێنەر و توێژەر ناچارە سەیری هەموو لاپەڕەکانی شەرەفنامە بکات بۆ ئەوەی هەندێ زانیاری لەسەر پەیدا بکات. لە نێوان دێڕەکانی شەرەفنامەدا خوێنەر بۆی دەردەکەوێت کە شەرەفخان هەستی ناکۆک و دژبەری بەرانبەر دەروێش مەحموود هەبووە. لە لایەکەوە ئاماژە بە ڕۆڵی مەردانەی دەکات لە ڕزگارکردنی میر شەرەفی باپیریدا لە بارمتەیی و بەندی شا ئیسماعیلی سەفەوی، لە لایەکی ترەوە باسی ئەوە دەکات کە چۆن لە دوای هێرشی ئۆڵەمە خان بۆ سەر بدلیس دەروێش مەحموود و کوڕەکەی وەک گەلێ لە سەردارانی دیکەی کورد پشت لە باپیری دەکەن. دواتر دەست دەکاتەوە بە کارکردن لە دادگای بدلیس لە سێبەری دەسەڵاتی ئۆڵەمەدا. شەرەفخان هەندێ پاکانە بۆ دەروێش مەحموود و سەردارانی کورد دەکات بەوەی کە باپیری بە قسەیانی نەکردووە و کەوتووەتە تۆڵەسەندنەوە لە میرانی کورد، بۆیە هەموو ئەمانی لە خۆی زیز کردووە(٣).

دوو توێژەری ڕۆژهەڵاتیش، کە بە ناو و نووسینەکانیاندا دیارە یەکێکیان ئێرانییە و ئەوی دیکەیان خەڵکی تورکیایە، وتارێکی هاوبەشیان لە "گۆڤاری ئاسیای" فەرەنسیدا بە زمانی ئینگلیزی لە بارەی دەروێش مەحموودەوە نووسیوە. لە هەموو زانیاری و شیکردنەوەکانیاندا پشتیان بە شەرەفنامە بەستووە. تەنیا شتێک کە لەو وتارەدا تازە بێت ئەوەیە، کە نامەیەکی بڵاونەکراوەی دەروێش مەحموودیان لە ئەرشیفەکانی تورکیادا دۆزیوەتەوە بۆ بەگلەری بەگی دیاربەکری ناردووە. نامەکە ئاستی هونەری و ئەدەبی باڵای دەروێش مەحموود دەردەخات. نامەکە بەڵگەی ئەوەشی خستووەتە بەردەم ئەو دوو توێژەرە بۆ ئەوەی باس لە کەسایەتی بەهێزی دەروێش بکەن کە باوەڕی بە خۆی هەبووە و بەو شێوازە لەگەڵ کاربەدەستێکی باڵای دەوڵەتی عوسمانیدا قسەی کردووە(٤).

ئەم دوو توێژەرە و خەڵکانی دیکەش پێیان سەیرە کە سەرباری پێگەی بەهێز و کاریگەری دەروێش مەحموود لە دەرباری سوڵتانی سولەیمانی قانوونیدا، چالاکییە کارگێڕی و دیپلۆماسییەکانی زۆر بەهەژاری خراونەتە ڕوو. بۆ نموونە لە ئەرشیفی عوسمانیدا سەردانە دیپلۆماسییەکانی بۆ کوردستان و ئەو ئەرکانەی دەروازەی باڵا پێی سپاردوون دۆکیومێنت نەکراون، هەر لەبەر ئەمەشە کە شەرەفنامە بە سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکان دەمێنێتەوە. هەڵبەتە زانیاری و هەواڵەکانی شەرەفخان لە بارەی دەروێش مەحموودەوە جێگەی متمانەن، چونکە ئەو مێژووی هەمان سەردەمی نووسیوە کە دەروێش ڕۆڵی تێدا گێڕاوە، هەروەها بۆ خۆیشی شایەتی بەشێک لە چالاکییەکانیەتی کە پەیوەندی بە

خودی بنەماڵەکەی خۆیەوە هەبووە. سەرباری هەموو ئەمانە هەردووکیان خەڵکی بدلیسن، بۆیە کەس لە شەرەفخان باشتر نەیدەتوانی لەسەر دەرویش مەحموود بنووسێت. شەرفخان بە دەرویش مەحموودی دا هەڵداوە و لە شوێنێکدا بەم شێوەیە وەسفی دەکات"دەرویش مەحموود کەڵەچێری، گەورەی تیرەی کەڵەچێریان وڵاتی خۆی بەجێهێشت و خۆی گەیاندە بەر بارەگای عەرشاسایی سوڵتان سولەیمان و پایە و لە سایەی وریا و دەریایی و هونەرمەندی و مەردی و ڕندی و پیتۆنی و لەبلەبانی خۆی دەگەڵ پاشا ڕێکخست، بووبووە هەمدەمی تایبەتی و دەڤی دەگوێی سوڵتاندا بوو. هێندەی هەموو شت دەزانی نێویان لێ نابوو: هەموو شت. شاعیرێکی بێ وێنە بوو، زۆر هەڵبەستی بە فارسی و تورکی داناون، قورئان خوێنێکی ئەوەندە لێزان و دەنگخۆش بوو نازناوی ئیدریسی دووهەمی پێ وەرگرتبوو. بووبووە کۆڕنشینی پادشا و پلە و پایەی کتێبداری دیوانی خۆی پێ بەخشی بوو. حەیدەر بەگی برازاشی کرا بە سنجەقداری هۆزی بەگلوو و هەندێ لە وڵاتی پاڵووی درایە(٥).

شەرەفخان بە وردی باسی ڕزگارکردنی شەرەفخانی باپیری لە بارمتەیی و زیندانی شا ئیسماعیلی سەفەوی کردووە، کە محەمەد ئاغای کەلهۆکی و دەرویش مەحموود کەڵەچێری ڕۆڵی سەرەکییان تێدا بینیوە. باسی ئازایەتی و سەرکێشییان لە بردنەوەی بۆ باکووری کوردستان و هەوڵی وەرگرتنەوەی بدلیس و کردنەوەی بە میری ئەو میرنشینە(٦).

دەرویش مەحموودیش وەک زۆر لە کەسایەتییەکانی دیکەی کورد وردەکارییەکانی ژیان و هەڵکشانی بە پایەکانی دەوڵەتمەداریدا تۆمار نەکراون. ئەو خۆی بە دەرویش و شاگردی ئیدریسی بدلیسی ناساندووە و ئەوی بە ڕابەر و مامۆستای خۆی داناوە. لە شەرەفنامەوە ئەوە دەزانین کە دەرویش مەحموود لە تیرەی کەڵەچێرییە، یەکێک لە تیرەکانی هۆزی ناوداری ڕۆژەکی، هۆزی میرانی میرنشینی بدلیس. نازانرێت کەی دەرویش مەحموود هاتووەتە دنیاوە، بەڵام بە پێی ئەو ڕووداوانەی شەرەفخانی بدلیسی باسیان دەکات دەبێت لە نێوان ساڵانی ٩٠٠ - ٩٧٥ کۆچی (١٤٩٤/١٤٩٥ بۆ ١٥٦٧/١٥٦٨ز) ژیابێت. بۆ نموونە ئەوە زانراوە کە میر شەرەفخانی باپیرەی پێش ئەوەی شا ئیسماعیل بگاتە خۆراسان لە دەست سەفەوییەکان ڕزگارکراوە، ئەمەش دەکاتە ساڵی ٩١٦ کۆچی. دەرویش مەحموود کە بەشداری لەو ڕووداوەدا کردووە و ڕۆڵی مایەی ئەوە بووە شەرەفخانی مێژوونووس لە شەرەفنامەدا باسی لێوە بکات، دەبێت ئەو کاتە لاوێکی سوارچاک و بەتوانست بووبێت، واتە هیچ نەبێ تەمەنی ١٦ ساڵان و بەرەو ژوور بووە. بەم پێیە دەبێت لە دەوروبەری ساڵی ٩٠٠ کۆچیدا هاتبێتە دنیاوە. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئایینی بدلیس تەواوکردووە. پێدەچێت ساڵی ١٥٣٤ لە ژێر کاریگەری ئیدریسی بدلیسی ڕابەر و مامۆستایدا ڕووی کردبێتە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی. ئەوەی زانراوە دەرویش مەحموود لە سەردەمی فەرمانڕەوایی میر شەرەفی باپیرەدا (ساڵی ١٥٣٤ کۆچی دوایی کردووە) هێشتا لە بدلیس چالاک بووە. ئەو لە دادگای بدلیس ئەمیندار و بەرپرسی ئینشا بووە. لە کاتی هێرشەکەی فەرمانڕەوای پێشووی ئازربایجان ئۆلەما سوڵتان (هەژار موکریانی لە وەرگێڕانەکەیدا بە ئۆلەمە سوڵتان نێوی بردووە) بۆ سەر بدلیس ساڵی ١٥٣٢ دەرویش مەحموود لە دەسپێکدا پشتگیری لە میر شەرەف کردووە، بەڵام دواتر کاتێ ئۆلەمە سوڵتان دەکرێت بە بەگلەربەگی بدلیس، دەرویش مەحموود وەک زۆر لە سەردارانی تری کورد پشت لە میر شەرەف دەکات(٧).

ئەوەی مایەی سەرنجە ئەم هەڵوێستەی دەرویش مەحموود بەرانبەر باپیری نەبووەتە مایەی ئەوەی نووسەری شەرەفنامە هەڵوێستی نەرێنی توندی بەرانبەر وەربگرێت و وەک خیانەتکارێک سەیری بکات، ئەمەش بە خاڵێکی ئەرێنی بۆ شەرەفخان دەنووسرێت، کە لە نووسینی مێژووەکەیدا هەوڵی داوە بابەتییانە ڕووداوەکان لێکبداتەوە و هەست و سۆزی کەسیی بەسەریدا زاڵ نەبێت. چوونی دەرویش مەحموود بۆ دادگا و دەرباری عوسمانی وەک کارێکی ئاسایی سەیر دەکات. دەرویش مەحموود کوڕێکیشی هەبوو بە ناوی هاروون، ئەویش دوای داگیرکردنی بدلیس لە لایەن ئۆلەما سوڵتانەوە گەڕایەوە بۆ ئەو شارە.

خاڵێکی دیکە کە دەبێت سەرنجی بۆ ڕابکێشرێت ئەوەیە کە دید و بۆچوونی دەستەبژێری خوێنەوار و دەسەڵاتداری کورد بۆ کارکردن لە سێبەری ئەم سوڵتان و ئەو شادا نەک هەر مایەی ڕەخنە و گلەیی نەبووە، بەپێچەوانەوە جێگەی دەسخۆشی و پێداهەڵدان بووە. لەم بارەیەوە بدلیسییەکانی لە حوسامەددین عەلی بدلیسی و



**شا ئیسماعیلی سەفەوی**

ئیدریسی کوڕیەوە بگرە تا دەگاتە دەروێش مەحموود و زۆری دیکە پێشەنگ بوون.

داگیرکردنی بدلیس کۆتایی بە خەونەکانی دەروێش مەحموود نەهێنا، بەڵکو بۆ پێشکەوتن و هەڵکشان بە پلەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا دەروازەی نوێی لە بەردەمدا کردەوە. بە وتەی شەرەفنامە ئەزموونی دەوڵەمەندی دەروێش مەحموود لە دادگای بدلیس، ئاستی خوێندەواری بەرزی، توانایی هونەری و ئەدەبی باڵای، زیرەکی و جەربەزەیی لە تەک پشتگیری بەهێزی سوڵتان سولەیمانی قانوونی و بەرپرسانی دیکەی عوسمانی ڕێگەیان بۆ خۆش کرد بەرەو سەرەوەی پایەکانی دەوڵەتمەداری هەڵبکشێت. لە ساڵە سەرەتاییەکانی دوای داگیرکردنی بدلیسدا دیار نییە دەروێش چی بەدەست هێناوە، بەڵام ئەوە دەزانین کە دواتر سوڵتان سلێمانی قانوونی ئەرکی زۆر گرنگی لە دەرباری خۆیدا پێ سپاردووە. یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکان و بەڵگەی ئەوەی کە دەروێش مەحموود جێگەی باوەڕ و متمانەی سوڵتان بووە ئەوە بوو کە کردی بە مامۆستا و پەروەدەکاری کچە تاقانە و لە دڵدا شیرینەکەی میهری ماه(٨).

پێدەچێت دەروێش ئەم ئەرکەی بە باشی بەجێ هێنابێت، هەر ئەمەش بووە هۆی بەختەوەری و پێشکەوتنی لە دەرباری سوڵتان سولەیمانی قانوونی، دەبێت بە هاودەم و ڕاوێژکاری سوڵتان و یەکێک لە کەسە هەرە نزیکەکانی داماد ڕۆستەم پاشای زاوای سوڵتان، مێردی میهری ماه و سەدری ئەعزەم "سەرۆک وەزیران" بۆ زیاتر لە ١٥ ساڵ. لە هەمان کاتدا ئەرکی دیکەشی پێ سپێرراوە. پێدەچێت بە پەروەردەکردنی کچی سوڵتانەوە زیاتر لە دە ساڵ خەریک بووبێت (١٥٣٣-١٥٤٤). دوای ئەوە دەکرێت بە بەرپرسی کتێبخانەی شاهانە بە ناوونیشانی"جامع الحيثيات"، کە هەژار موکریانی بە کتێبدار ناوی بردووە. دەروێش مەحموود لەم پێگەیەیدا لە لایەکەوە ئەزموونی دەوڵەتداری و کارگێڕی دەوڵەمەند دەبوو و لە لایەکی دیکەوە دەمی دەگەیشت بە کاربەدەستانی باڵای دەوڵەت و لە پێش هەموویانەوە سوڵتان و دەوروبەرەکەی. دەروێش لە نزیکەوە چاودێری کاربەدەستان و ئێلیتی عوسمانی دەکرد لە میر، وەزیر، بیرۆکرات و هەموو ئەوانەی دەم و دوویان لەگەڵ کتێبدا هەبوو و دەچوونە کتێبخانە. لە هەمان کاتدا دەروێش مەحموود ئاگاداری هەموو فەرمان و بڕیارەکانی دەروازەی باڵا دەبوو، چونکە کتێبخانەکە وەک ئەرشیڤ وابوو بۆ فەرمان و نامە گرنگەکانی سوڵتان و دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەتی عوسمانی. لەم ڕێگەیەوە دەروێش مەحموود شارەزایی تەواوی لە سیستمی بیرۆکراتی عوسمانی و کاروباری سیاسی پەیداکرد(٩).

کارێکی دیکە و پێگەیەکی گرنگی دەروێش مەحموود کە شەرەفنامە ئاماژەی پێ دەکات ڕۆڵی گەورەی بوو وەک ڕاوێژکاری سەدری ئەعزەم ڕۆستەم پاشا سەبارەت بە کاروباری کورد و کوردستان، ئەمەش وەک ئاماژەمان پێکرد بەرهەمی پێوەندی توندوتۆڵی بوو لەگەڵ هاوسەری پاشا میهری ماه کە ئەم مامۆستا و پەروەردەکاری بوو. ئەم پێوەندییە لەگەڵ سەدری ئەعزەمدا لە ساڵی ١٥٤٤، کە ڕۆستەم پاشا تێیدا بوو بە سەدری ئەعزەم، پەرەی سەند، هەرچەندە دوای کوشتنی مستەفا کوڕە گەورەی سولەیمان قانوونی لە ساڵی ١٥٥٣، ڕۆستەم پاشا بۆ ماوەی دوو ساڵ لە سەدارەت دوورخرایەوە، بەڵام ڕەنگە سوڵتان لە ژێر گوشاری میهری ماه و ڕۆکسەلانادا بڕیاری گەڕانەوەی ڕۆستەم پاشای بۆ پۆستەکەی دابێت لە ساڵی ١٥٥٥، ڕۆستەم پاشا تا کۆچی دوایی لە ساڵی ١٥٦١دا لەو پۆستەیدا بەردەوام بوو. وادیارە دەروێشیش

لە پلە و پایەکەی خۆی بەردەوام بوو بێت، هەرچەندە مەلا مەحموودی بایەزیدی لە دەستنووسێکی دواتری شەرەفنامەدا دەڵێت گوایە کراوە بە سەنجەق بەگی بدلیس، بەڵام شەرەفخانی بدلیسی باسی ئەمەی نەکردووە(١٠).

بە وتەی شەرەفخانی بدلیسی دەروێش مەحموود لەگەڵ مامۆستا و ڕابەرییەکەیدا ئیدرسی بدلیسی هەمان ڕۆڵیان لە ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستاندا بینیوە، لە سەردەمی ململانێی سەختی عوسمانی و سەفەویدا کەسانی وەک ئیدرسی بدلیسی و دەروێش مەحموود بۆ هەردوولا زۆر پێویست بوون، گرنگیدانی ڕۆستەم پاشاش بە دەروێش مەحموود و گوێ ڕایەڵکردنی بۆ ڕاوێژ و ئامۆژگارییەکانی دەچنە ئەم خانەیەوە.

شەرەفخانی بدلیسی بە سەر ئیدریسی بدلیسی و دەروێش مەحموودا هەڵداوە، کوردبوون و بدلیسی بوونیانی بە هۆکار و فاکتەری پێشکەوتنیان داناوە، ئاماژەی بەوەش کردووە کە هەردووکیان لە چینی ئەریستۆکراتی کورد بوونە. ئیدریسی بدلیسی کوڕی مەلایەکی بەناوبانگی کوردستان بووە کە ناوی (حوسامەددین عەلی)یە، بەڵام دەروێش مەحموود کوڕی خانەدانێکی خێڵەکی بووە، باوکی و دواتریش خۆی سەرۆکی تیرەی کەڵەچێری بووە. ڕەنگبێ هەر لەبەر ئەمە بێت کە شەرەفخانی بدلیسی ناوی دەروێش مەحموودی لە لیستی ئەدیبان و شاعیرانی بدلیسدا تۆمار نەکردووە، هەرچەندە دەروێش مەحموود نەیویستووە وەک دەروێشی مەلا ئیدریس وێنا بکرێت، بەڵام لە نامەیەکی خۆیدا کە دواتر ئاماژەی پێ دەکەین خۆی بە دەروێش و شاگردی ئیدریسی بدلیسی ناساندووە(١١).

دەروێش مەحموودیش وەک زۆر لە شاعیران و نووسەرانی سەردەمەکەی خۆی لە تەک زمانی دایکدا، هەر سێ زمانی عەرەبی، فارسی و تورکی زانیوە، شیعری پێ هۆنیونەتەوە و نامە و پەخشانی پێ نووسیون. تەنیا تاک و تەرای شیعر و نامەی ماون. شەرەفخانی بدلیسی پێی وایە سەرکەوتنی دەروێش مەحموود لە کاری مامۆستایی و پەروەردەکردنی میهری ماه دەروازەکانی دەوڵەتمەداری لە بەردەمدا وازکرد، هەر ئەوەش بوو دواتر مێردی میهری ماه، ڕۆستەم پاشا لە خۆی نزیک کردەوە. ڕۆستەم پاشا کە بوو بە زاوای سوڵتان لە کاروبارەکانی کوردستاندا ڕاوێژی پێ دەکرد و بیروبۆچوونەکانی لە بەرچاو دەگرت. لە ڕێگەی دەروێش مەحموودەوە ئاگاداری بارودۆخی کوردستان بوو و میر و سەردارانی خاوەن پێگە و کاریگەری دەناسی و پێوەندی پێوە دەکردن. هەر بە پێی شەرەفنامە هەرچی میر و سەرکردەی کورد هەبوون کێشە و گرفتەکانیان یەکەم جار دەبردە لای دەروێش مەحموود پێش ئەوەی لەگەڵ کاربەدەستانی باڵادا قسەیان لە بارەوە بکەن. داوایان لێ دەکرد لە لای سوڵتان و سەدری ئەعزەم دانی خێریان پێدا بنێت و شەفاعەتیان بۆ بکات. بە وتەی شەرەفخان لە بڕیار و سیاسەتەکانی ڕۆستەم پاشادا، بە تایبەتی لە کاروباری کوردستان قسەی دەروێش مەحموود یەکلاکەرەوە بوو و شوێن دەستی دیارە. لە کاتی خۆیدا هەندێ لە میرە کوردەکان ڕەخنەی ئەوەیان لە ڕۆستەم پاشا گرتبوو کە بێ ئاگا بووە لە بارودۆخی کوردستان و ناکارامە بووە لە پێوەندی لەگەڵ میر و سەردارانی کورددا، ڕەنگبێ ئەمەش هۆکارێکی تر بووبێت بۆ ئەوەی پاشا هانا بۆ کەسێکی شارەزای وەک دەروێش مەحموود ببات و ڕاوێژی پێ بکات (١٢)

لە کاتێکدا کار و چالاکییەکانی ئیدریسی بدلیسی لە تەک سوڵتان سەلیم یاوز و میرانی کوردستان لە دژی شا ئیسماعیلی سەفەوی زۆریان لە بارەوە نووسراوە و ئەنجامەکانیشیان لە مێژوودا ڕوون و ئاشکران، لە بەرانبەردا زانیارییەکانمان لە بارەی چالاکییە دیپلۆماسی و سیاسییەکانی دەروێش مەحموودەوە زۆر هەژارن و لەو بارەیەوە سەرچاوەی متمانە پێ کراومان لەبەردەستدا نین. پێدەچێت کار و کردەوەکانی ئیدریسی بدلیسی ئەو مۆدێلە بووبێت کە دەروێش مەحموود چاوی لێیان کردبێت و لاساییان کردبێتەوە. بە وتەی شەرەفنامە ئەو یاریکەر و بڕیاردەرێکی سیاسی پشتی پەردە بوو و هەندێ کاری پێکەوەبیان لەگەڵ ڕۆستەم پاشادا ئاماژە پێ دەکات وەک دانانی ناشر بەگ بە فەرمانڕەوای جەزیرە.

نامەیەکی درێژی بڵاونەکراوەی دەروێش مەحموود لە بەردەستە کە بۆ بەگلەربەگی (بەیلەربێی) دیاربەکری ئەسکەندەر پاشای ناردووە، ئەم نامەیە لە کۆلێکسیۆنی "منشأت" لە کتێبخانەی عەلی ئەمیری لە ئیستەنبوڵ دۆزراوەتەوە، هەرچەندە نامەکە مێژووی بە سەرەوە نییە، بەڵام توێژەرانی ئەم بوارە بۆ ئەو ساڵانەی دەگێڕنەوە کە ئەسکەندەر پاشا بەگلەربەگی دیاربەکر بووە، واتە لە

نێوان ساڵانی ١٥٥٣ - ١٥٦٦، نامەکە بە زمانی تورکی عوسمانی و بە ناوونیشانێکی فارسی نووسراوە. ئەم نامەیە ئاستی خوێندەواری و توانایی ئەدەبی و هونەری باڵای دەروێش مەحموود پیشان دەدات، لەم نامەیەدا خۆی بە شاگردی ئیدریسی بدلیسی ناساندووە. ستایلی نامەکە لە نامەی کارگێڕی ئاسایی جیاوازە و بە ئایەتی قورئان و حەدیسی پێغەمبەر و شیعر ڕازاندوویەتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەم نامەیە پێگەی گرنگ و بەهێزی دەروێش مەحموود دەردەخات، کاتێ دەبینین زۆر متمانەی بە خۆی هەیە و لە پێگەی هێزەوە قسە لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای دەوڵەتی عوسمانیدا دەکات. ئامۆژگاری بەگلەربەگی دیاربەکر دەکات و لە مەترسی هەنگاوەکانی لە بارەی لێدانی سکەوە ئاگاداری دەکاتەوە. لێی دەپرسێت ئایە بیری لە ئاکامەکانی ئەم هەنگاوە کردووەتەوە؟. قسەکردنی بەو شێوەیە لەگەڵ کاربەدەستێکی باڵای دەوڵەتی عوسمانیدا زۆر شتمان پێ دەڵێت(١٣).

ڕەنگبێ لە داهاتوودا توێژەران بەڵگەنامەی نوێ لە ئەرشیڤخانەکانی تورکیا لە بارەی دەروێش مەحموود و کوردانی دیکەی ئەو سەردەمەوە بدۆزنەوە و تیشکی زیاتر بخەنە سەر کار و چالاکیی کارگێڕی و سیاسییەکانیان. لێرەدا مەبەستی من تەنیا ناساندنی دەروێش مەحموود بووە، نەک هەڵسەنگاندنی کار و چالاکییەکانی. ئەو کارە تەنیا لە بەر ڕۆشنایی بەڵگە و سەرچاوەی مێژوویی زۆرتر دەکرێت.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١- ئیدریسی بدلیسی کوڕی (مەولانا حوسامەددین عەلی)یە. ساڵ و جێگەی لە دایکبوونی بە تەواوی یەکلایی نەبوونەتەوە. لەم بارەیەوە سەرچاوەکان ئاماژە بە بدلیس، دیاربەکر و ڕەی لە ئێران دەکەن و پێیان وایە دەبێت لە نێوان ساڵانی ١٤٥٢ - ١٤٥٧ هاتبێتە دنیاوە. لە سەرچاوەکاندا بە کۆمەڵێک نازناوەوە دەناسرێت وەک: مەولانا ئیدریسی بدلیسی، حەکیم ئیدریس، حەکیمەددین ئیدرس، کەمالەددین ئیدریس و مەلا ئیدریسی بدلیسی. باوکی لە لای فەرمانڕەوایانی ئاق قۆینلوو لە تەورێز و دیاربەکر خزمەتی کردووە. ئیدریسی کوڕیشی لەگەڵ شازادە و میرانی ئاق قۆینلوودا نراوەتە بەر خوێندن و فێرکردن و پەروەردەیەکی هەمەلایەنەی باشی بینیوە. کاتێک پێ دەگات و لە دوای مردنی ئوزون حەسەن لە لای یەعقووبی کوڕی دەبێتە نووسەری دیوان "کاتب الدیوان". لەسەر داوای یەعقووب نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ سوڵتانی عوسمانی بایەزیدی دووەم (١٤٨١ - ١٥١٢) دەنووسێ بە بۆنەی سەرکەوتنییەوە بەسەر مەمالیکدا لە ساڵی ١٤٨٥، لەم نامەیەدا کاتب ئیدرسی هەرچی توانایی ئەدەبی و هونەری خۆی هەبووە بەکاری هێناوە، بەم کارەشی سەرنجی سوڵتانی عوسمانی بە لای خۆیدا ڕاکێشا. بایەزیدی دووەم بانگهێشتی ئیستەنبوڵی کرد، بە گەرمی پێشوازی لێ کرد و دیاری گرانبای پێ بەخشی و مووچەی بۆ بڕییەوە. ئەوە لەوە گەیشتبوو کە دوارۆژ بۆ دەوڵەتی عوسمانییە و خۆری دەسەڵاتی ئاق قۆینلوو لە ئاوابووندایە، بۆیە بڕیار دەدات لە ئیستەنبوڵ بمێنێتەوە. لە سەردەمی سوڵتان سەلیم یاوزدا(١٥١٢ - ١٥٢٠) ناوبانگی دەرکرد، توانی میرانی کورد بە لای سوڵتاندا لە دژی شا ئیسماعیل سەفەوی ڕابکێشێ، ئەمەش ئەرکێکی قورس و ئاڵۆز بوو کە ئیدریسی بدلیسی بە سەرکەوتوویی بە جێی هێنا. لە دوای ئەم سەرکەوتنەی پلەی قازی عەسکەری پێ بەخشرا، کە پلە و پایەیەکی زۆر باڵا بوو لە دەروازەی باڵادا و لە دوای شەیخولئیسلامەوە دەهات. ئەم پێگەیە بدلیسی دەکردە بەرپرسی هەموو ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بە کوردستانیشەوە. لە هێرشەکانی (سوڵتان سەلیم)دا بۆ سەر مەمالیکەکان لە ئورفە، مووسڵ، میسر و لە شەڕی مورج دابق لە تەک سوڵتاندا چالاکانە بەشداری دەکرد. بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان ئەو دید و بۆچوونانەی پێشکەشی سوڵتانی کرد لە بارەی میسرەوە کران بە بناغەی بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو وڵاتە. لە تەک کاری سیاسی و دیپلۆماسی تا دوارۆژەکانی ژیانیشی لەسەر نووسین بەردەوام بوو. هەر ئەو ساڵەی سوڵتان سەلیم کۆچی دوایی کرد(١٥٢٠) (مەلا ئیدریس)یش ماڵئاوایی لە دنیا کرد. بە پێی سەرچاوەکان لە تەمەنی نێوان ٦٥ و ٧٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. لە مزگەوتی زەینەب خاتوون لە گەڕەکی ئەیووب سوڵتان لە ئیستەنبوڵ بەخاک سپێررا. سەرچاوەکان ئاماژە بە ٢٨ کتێب دەکەن کە بدلیسی بە عەرەبی، فارسی و تورکی نووسیونی. هەشت بەهەشت، سەلیم نامە، مرآة العشاق، ڕسالەی بەهاریە، مرآة الجمال، منازەرەی عیشق بە عەقڵ، مجموعەی منشات،

قانوونی شاهنشاهی، وەرگێڕانی حەیاتی حیوان... تاد. ئاشکرایە کە ئیدرسی بدلیسی ڕاوێژکارێکی نزیکی سولّتان سەلیم بوو، نووسەرێک کتێبێکی بەم ناوونیشانە "ئیدریس بدلیسی باوکی عەقڵیی سەلیم یاوز"بڵاوکردووەتەوە، بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە بڕوانە:
Yavuz Selimin Akil Babasi،Necdet Saraç Idris-i Bitlisi, Cem Yayinevi 2017.
Ebru Sönmez, Idrs-i Bidlisi Ottoman Kurdistan and Islamic Legitimacy, Istanbul 2012

٢- هەر ئەو نەجدەت سەراچە زنجیرە وتارێکی بە ناوونیشانی جەللادەکانی عەلەوییان: ئیدریسی بدلیسی ناوێکی دیکەی ستەم. لەم بارەیەوە بڵاوکردووەتەوە بڕوانە: Necdet Saraçö Zulmün Diger Adi: Idrisi Bitlisli.

٣- شەرەفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، هەژار کردوویە بە کوردی، نەجەف ١٩٧٢، ل٧٤١.

4- Mustafa Dahqan & Vural Genç, Darwish Mahmud: An Unknown Sixteenth Century Kurdish Notabl, Journal Asiatique 306.1 (2018), PP.35-39.

٥- شەرەفخانی بدلیسی، هەمان سەرچاوە، ل٦٧٧.

٦- هەمان سەرچاوە، ل٧٤١.

٧- هەمان سەرچاوە، ل٧٦٠.

٨- میهری ماه بە میهروماه و میهرماهیش نێوی لە سەرچاوەکاندا هاتووە. کچە تاقانەی سولّتان سلێمانی قانوونی (١٥٢٠ - ١٥٦٦) لە پێنج برادا. دایکی میهری ماه خوڕەم سولّتان بوو، کە لە ئەورووپا بە ڕوکسەلانا ناسراوە. ڕۆکسەلانا بە ڕەچەڵەک نیو پۆڵۆنی و نیو ئۆکرانی بووە، تەتارەکانی کریم، یان قرم ڕفاندوویانە و خانەکەیان پێشکەشی کۆشکی سولّتانی کردووە. ڕۆکسەلانا کەنیزە و دواتر ژنی هەرە خۆشەویستی سولەیمان قانوونی بووە و دایکی میهری ماه و پێنج کوڕ بووە کە سەلیمیان بە ناوی سەلیمی دووەم (١٥٦٦ - ١٥٧٤) لە دوای باوکی دەبێتە سولّتان. میهری ماه ساڵی ١٥٢٢ لە کۆشکی تۆپ قاپی هاتووەتە دنیاوە. سلێمانی قانوونی ئەم کچەی زۆر خۆش ویستووە و هەرچی ویستووە بۆی کردووە. پەروەردەیەکی ناوازەی بینیوە و دیارە لێرەدا ڕۆڵی دەروێش مەحموود سەرەکی بووە. ئەو نامانەی نووسیونی ئاستی خوێندەواری و هونەری نووسینی دەردەخەن. سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە لەگەڵ باوکیدا چووەتە مەیدانەکانی شەڕ. ساڵی ١٥٣٩، واتە لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا شووی بە والی دیاربەکر ڕۆستەم پاشا کرد. دوای ئەوەی ڕۆستەم پاشا دەبێت بە زاوای سولّتان(داماد) لە ساڵی ١٥٤٤ کرا بە سەدری ئەعزەم "سەرۆک وەزیران" لە دەوڵەتی عوسمانی، تا کۆچی دوایی لە ساڵی ١٥٦١ دوو ساڵی لێ دەرچێت لەم پۆستەدا مایەوە، ڕۆستەم پاشاش بە ڕەچەڵەک کرواتی بوو و بە منداڵی بە پێی سیستمی دوێشرمە هێنرابووە ئیستەنبۆڵ، لە ڕیزی سپای یەنیچەری بە پلەکانی سەربازیدا هەڵکشا تا گەیشتە ئەو پایە گرنگە لە دەروازەی باڵا. دەروێش مەحمووديش بە هۆی نزیکییەوە لە میهری ماه جێگەی باوەڕ و متمانەی ڕۆستەم پاشاش بوو. میهری ماه ڕاوێژکاری یەکەمی باوکی و سولّتان سەلیمی دووەمی برای بوو، بە تایبەتی دوای مردنی خوڕەم سولّتانی دایکیان. ساڵی ١٥٧٨ کۆچی دوایی کرد و لە تەک باوکی لە مزگەوتی سولەیمانییە نێژرا. سەرچاوەکان باس لە چیرۆکی خۆشەویستی نهێنی تەلارسازی بەناوبانگی دەوڵەتی عوسمانی میعمار سینان بەرانبەر میهری ماه دەکەن. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:
M. Çagatay Uluçay, Padisahlarin Kadinlari ve Kizlari, Ankara 2011, S.220.
Peirce, Leslie P. The Imperial Harem: Women and Sovereignty in Ottoman Empire, Oxford University Press 1993, PP. 34-35.

9. Mustafa Dahqan and Vural Genç, op.cit, P.35.

10. Ibid, P.36.

11. Ibid, P.38.

12. Ibid, P.37.

13. Ibid, P.38.